# مخابن ئەمشەویش تێپەڕی

**دیار محەمەد**

Deyar_mahamad@yahoo.com




فەرهەنگیٚ دەکەمە چراو
ڕوناکییەکان بە خەڵوەتدا دەنێرمەوە
لەژێر چەترە ڕەنگاو ڕەنگەکەی کچەکەمدا لێتدەگەڕێم ..
دوا دڵۆپە بارانێك دەکەمە چاوساغ
کۆڵان کۆڵان دەستیدەگرم
لەم شەوارە بوونەمدا ..
تا دەگەمە کەرنەڤالی ئەم پایزە پۆلاییەت ,
بەدەم ڕێگە بزربووەکانەوە
پێم دەڵیٚ: لێگەڕیٚ ..
ئێرە کۆتایی سووتانە سووتان !!
کۆڵە پشتی هەجیجییەك دەخوازم و
ژوورەکانی پڕ دەکەم
لەبریسکەو کارتی خۆشەویستی
دەستکێشەکانم دەکەمە دیاری دەیجوریٚ
گەرنا ڤا پێك مەراق بەدەم ڕێوە
دەرخوادی پێکەنین دەدەم
لەم شەوارەبوونەمدا
سۆراغ لەنەبوونی کلێساکان دەکەم
بەم نابیناییەمەوە بۆ بینینت
دەسپێکی ئەم خەراباتە دەنێمە سەرسنگی تەنیای..
تا هەموو جە نجاڵیم دەترازێنمە شەوی تۆوە,
ئێرادەی ئەم جوداییەم فەرامۆش دەکەم
تا زاکیرەی ئەم درەنگ وەختەم
لەتۆدا خاڵی دەبێتەوە
بەدەم ڕێگا وونبووە کانەوە
پێم دەڵیٚ: لیٚ گەڕیٚ ...
ئێرە کۆتایی سووتانە سووتان !!
ڕە تبوونم بەمروەتی خوداوە دەنووسێنم

دەمەوێت یەکەم ڕمانی خۆم بگرمەوە
لەم شەوارەبوونەمدا,
دەمەوێت یەکەم تەواوبوونم بەتەواو
نەبوونەکەتا تەواو بێت
دەهرێکە بۆبێ تۆیی چاو دەگێڕم و ناتبینم
ئای کچەکەم ..
خەیاڵ لە ئیحساسترین شەوی مردندا جێم دێڵێ
تا پڵنگەکانی شەو بەئاگابن
تا چراکان لەدامێنی هیجرەتدا
بەسەر نووسینێکی تەڕەوە
بەسەر منارەی مزگەوتێکی بێ بانگەوە ڕەق ببنەوە..
ئای کچەکەم ...
دەمەوێت بچمەوە ساڵی تەڕیم
تا لە ئاوابوون بڕوانم
تا لەتارمایی ئێوەدا پیاسەبکەم و
قۆڵ بەقۆڵی نەگەڕانەوەیەکی ساردا بکەم
تا کرێوەم بەڕوی زستانتدا دەپژمێت ..
مردن لەچاوی تۆوە بەڕوتی خۆی نیشاندەدات
ئەجەل.. ڕێگە درز تێبردووەکانم دەخاتە
خەیاڵی ئەکسەرییە تمەوە
دەیەوێت یەکەم کارتی موڕاحقیم بداتەوە
کەتیام نووسی : خۆشـمدەوێیت..
مردن یەکەم لا پەڕەی دڵداریم دەداتەوە
کە نەمزانی تیای بنووسم بێ تۆ ناژیم
ئێستاش عیبادەت لەدامێنی مەغریبیم دەچۆڕێ ..
لەم شەوارە بوونەمدا
لەگەڵ دوایین دڵۆپی شوشە سەوزەکانی حیجاب ..
پەڕۆ نورانییەکەی تۆ
لەناو قەدی گۆرانییەکی خوێناوی دەپێچم
تەهلیلەی ئەم نەسرەوتنەم بەئاگادێنمەوە
کەمانچەیەکی بێ زمان دەنێرمە خوازبێنیی ئاوازەکانت و
دەستەو یەخە دەکەومە بەرگوللەبارانی قومێگ مەستیت

تێناگەم..

ئەم شێتییە بەس بە شانی چە پمەوەیە

لە پە نجەی شایە تما نمدا کزۆڵە دەبێت

هەتا دەترازێتە بالْکۆنی چاومەوە و

شەیالەی ئەم تەنهاییەم پێدەردەخات ..

بەیانییەك دێ

ڕێگەکان دەبنە دەزگیرانی ڕوتبوونەوە

دەرەنگ وەختێ دێی

دەبمە بالیفی قرشەکان

درەنگ وەختێ دێی

دەبمە دلۆپێ حەیای تێکشاو

بەیانیەك دێ

تەواو دەبم لەخۆم

بەیانییەك دێی

تەواو دەبم لەکۆتایی

بەیانییەك دێ لەیەکتری تەواو دەبین

درەنگ وەختێ

بەسەر مێزی چاوەڕوانی و

دوا دلۆپمدا دێی,

بلێ..بلێ..

لەم درەنگ وەختەدا

جێیەك ماوە بۆ دانیشتن ؟

حیکمەتێکیتر ماوە بۆهەڵگەڕان ؟

نا ... تەنیا کۆکتێلێك ئاو

تەنیا کۆکتێلێك موناجات

نالی چی دەڵێت ؟

کە ئاوابوونم دەڕژێتە کۆرسی خۆمەوە لە تەنیشتتا

نیوەی ئەم شەوە تێپەڕیوەو

نیوەی گۆرانییەك تۆمارکراوە ..

نیوەی چارەکێك تەواو بووە ..

ئێی کچەکەم

کەناتبینم، بۆنی تۆزی مردوو دەکەم

بۆنی تۆزقاڵێ عیشقم بۆ دێ
لەم شەوارە بوونەمدا
لە ڕەنگی تۆ
لە سۆراخی مودمینیم
مەخابن ئەمشەویش تێپەڕی
ناگەمەوە بەڕابردووە  پایزییەکەم
ناگەمەوە بە موزاحیم بوونی لەتێگ لەنیوە ڕۆیشتووەکەم
کە بوتڵێك بێ هۆشی و
قاپێك نسرمی و
بەستەیەك
لە کارتە نەنوسراوەکانمە !
کە سنەوبەرێکی سپییەبە منداڵی
کە  پێکەنینێکە ئاوابوونی تیا ناڕژێ ..

پایزی 2007